# بەردەباران

وەرگێڕان و ئامادەکردنی: خەسرەو سایە

ئەم بەسەرهاتە لەلایەن ژورناڵیستێکی فەرەنسییەوە کەخۆی لەدایکبووی ئێرانە، بەناوی "فەرەیدون صاحب جم" نوسراوە. صاحب جم بەنهێنی لەئێران بەدوای ئەم ڕووداوەوە بووەو پاشان ڕووداوەکەی لەکتێبێکدا، بەناوی "زن سنگسار شده"، ئاماداکردووە کەدواتر لەئەلمانیا لەچاپدراوە. . هەفتەنامەی "ئێران تریبۆن" قەوارەی کورتکراوەی ئەم کتێبەی لەچەند ژمارەی پشت سەریەکدا بڵاوکردۆتەوە. . . نامیلکەی ئێستا بەدوای دارِشتنەوەی لەسەر شێوەی چیرۆکێکی ئەدەبی لەنسخە فارسییەکەوە وەرگێڕدراوە.

ڕاستی بەسەرهاتی ژنێکی بەردەباران کراو بەپێی قانونی ئیسلامی لەئێران دەگێڕێتەوە:

بەرزایی " کۆهپایە" کەدەکەوێتە خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە و نزیکەی ٦٠ کیلۆمەترێك لەشاری "کرمان"ەوە دوورە، گوندێکی بچووکی چەند سەد ماڵەی لەباوەش گرتبووە. خانوەکانی دێ خشتی قوڕ و سەربانەکانی بەکاو خۆڵ گێراوە. کەمی پانتایی ناو دێ و کۆڵانی تەسك و سەرچاوە ئاوێکی کەم و جێگای لێرەواری دێ، جۆرێك بوون، کەنەك هەر نەدەتوانرا بەئاسانی بۆی سەرکەویت، بەڵکو ژیانیش یەکجار بەسەختی تیا دەچەرخا.

سوورەیا ساڵی ١٩٥١ لەم ناوچەیەدا هاتبووە دنیاوە، بەڵام هێشتا تەمەنی ١٣ ساڵ بوو لەبری چەند سەر حەیوان و پارچەیەك زەوی و چەند فەرشێك لە قووربان عەلی تەمەن ٣٠ ساڵە مارەبڕ کرا. قووربان عەلی جوتیارێکی دەوڵەمەندی دێ، وێرای گاوگۆتەڵ و زەوی و زاری باش لەگەڵ دەڵاڵان و حاجی بازاڕانی شاردا سەرو مامەڵەی هەبوو. . . . هێشتا ساڵ بەسەر مەرگی دایکی سوورەیادا تێنەپەڕی بوو، بڕیاریدا کەزەماوەندی سوورەیا بگێرێ.

زەهرا خانم، پووری سوورەیا لەپێشەوەی ژنانی دێ، بەئومێدی ژیانێکی بەختەوەر بۆ کچە خوشکی خۆی بوکی ڕازاندەوە. . . . دەمانگ دواتر حسین عەلی کوڕی گەورە لەدایك بوو، دوای ئەویش منالێك بەمردویی، ئینجا مریەم و لەیلا هاتنە دنیاوە. . پاشان منالێکی تریش بەمردوویی لەدایك بوو، بەم جۆرە سوورەیا تەمەنی ٢٤ ساڵ بوو بووە خاوەنی ٩ منالْ. بچوکەکەیان گوڵ بەهار لەوساڵەدا لەدایك بوو کە"شۆڕشی بەهمەن"– شۆڕشی ساڵی١٩٧٩ی ئێران– لەدژی شا دەستی پێکرد. .

شۆڕش وجموجۆڵی شۆڕشگێڕانە کەم تا زۆر ئاڵوگۆڕ لە نێو کۆمەڵدا بەدوای خۆیدا دێنێ، بەڵام لەم گوندەدا هیچ شتێك ئاڵوکۆڕی نەکرد، جگەلەوەی کە کوێخا ومەلای دێ وچەند ئاخوندێك " شورای ئیسلامی" یان دامەزراندو بەخەڵکیان ووت لەمە بەدواوە ژنان دەبێ چارشێو بپۆشن و بەپێی ئامۆژگاری مێردەکانیان لەماڵ وەدەر نەکەون، پیاونیش دەتوانن لەمەبەدوا چەند ژنیان هەبێ. . ئەمە ئیتر بەس بوو بۆ قوربان عەلی تا پیلانی خۆی بۆ ڕزگاربوون لەدەستی سوورەیا دابڕێژی و مارەییەکیش کەلەسەریەتی نەیدا.

لەسەرەتاوە قوربان عەلی دەستی دایە ئەوەی پەیوەندی خۆی لەگەڵ ژنەکەیدا سست کات و تەنانەت ئامادەش نەبوو شەوانە لەگەڵیا بنوێ، پاشان ووردە ووردە کەوتە جێهیشتنی ماڵ وبەهەڵکەوت دەگەڕایەوە ناو دێ. کەوەدەریش دەکەوت چاولەچاو بوو بۆ هەلێك تا سوورەیا لەتاوانێکەوە بگلێنێ. . .

قوربان عەلی مەلا حسن لاجوردی، مەلای دێی ڕازیکردبوو بەوەی ئامادەیە سوورەیای بۆ تەلاق بدات، بەمەرجێ ئەو مارەییەکەی بداتەوە، مەلاش ئەمەی لای سوورەیا درکاندبوو، بەڵام سوورەیا وەڵامی ڕەدی پێدابوەوە. ئەمە هێندەی تر قوربان عەلی سوورتر کرد تا خێراتر بۆ پیلانگێڕی دەست بەکار بێ. لەم لاشەوە خەڵکی ئاوایێ کە ئاگاداری ئەم کەین و بەین و پیلانگێڕییە نەبوون، پەیتا پەیتا دەچوونە ژێرگاریگەری درۆ ودەلەسەکانی قوربان عەلی و مەلای دێوە، گوایە سوورەیا

ژنێكی خراپكارەو ناچێته ژێر فەرمانی مێردەكەیەوە بۆیە پیاوەكەی وەماڵ ناكەوێ. . تاكار گەیشتە ئەوەی خەڵكی ئاوایی ئامادەنەبوون وەك كەسێكی ناو دێ مامەڵەی لەگەڵ بكەن، تەنانەت قسەیان لێدابڕی بوو وەلەسەر ڕێگاش خۆیان لێ‌كەنار دەگرت. . .

مەگەر سوورەیا چ تاوانێكی كردووە؟! دەلێن سوورەیا وەكو باقی ژنانی نێودێ وەفادار نەماوە بۆ مێردەكەی! دەڵێن سوورەیا سەرەڕۆیەو داوێن پیسی لێ‌دەگەڕێ. . !!!.

كەزستان هات "فەیروزە" هاوڕێی منالّی سوورەیا وهاوسەری هاشم كوڕە مامی قوربان عەلی، بەهۆی نەزانینی مێردەكەیەوە بەنەخۆشییەكی سادە لەجێگادامردو دوو منالّی بچووكی بەجێهێشت. هاشم ئاسنگەر بوو، بەهەموو كاری ناودێ‌دا ڕادەگەیشت، ئەمیش وەك باوكی جگەلەكاری ئاسنگەری عەرەبانەو دووچەرخەو سەماوەرو كەلو پەلی چێشت لێنانی بۆخەڵكی ئاوایی چاك دەكردەوە.

هەروەك ئەوەی فەیروزە خۆشەویستی سوورەیا بوو، هاشمیش بە منداڵەكاندا ڕانەدەگەیشت و وەبەهۆی میانەی خزمایەتییەوە جاروبار منالّەكانی لەكن سوورەیا جێ‌دەهێشت. . سوورەیا بڕیاری دابوو كەڕۆژانە بچێ بۆماڵی هاشم و بە منالّەكان ڕا بگاو كەل وپەلی نیومالّیشی بۆ ڕێك و پێك بكات. . .

ژنی گەنج كەلە چارەنووسی خۆی بێخەبەر بوو، ڕۆژانە دووجار دەچووە مالّی هاشم وكاری مالّو منالّكانی بۆ ئەنجام دەدا بەبێ ئەوەی كاری نێومالّی خۆی دوابخا، بەلاّم هێواش هێواش لەپشت سەرییەوە هەوالّی خراپ بلاّودەبووەوە. قوربان عەلی زۆر هەولّی‌دا تاسەرەنجام توانی هاشم بەقیمەتێك ڕازی بكا بۆئەوەی گۆشەیەكی پیلانەكەی خۆی پێ جێبەجێ‌بكات. بەم جۆرەش بڕیاردرا كەهاشم سوورەیا تاوانبار بكات بەوەی كەداوای لێ كردووە كەكاری ناجۆری لەگەڵدا بكات! كارێك كەژنان شەوانە لەگەڵ مێردەكانیاندا ئەنجامی دەدەن. . . .

ڕۆژیكی سەر لە بەیانی بوو هێشتا تیشكی خۆر زەوی گەرم نەكردبوو، زەهراخانم لەنێوە ڕاستی چێشتخانەی مالّدا بۆگەرمكردنی ئاوی بەیانیان ڕاوەستابوو، لەپڕ دەنگەدەنگی هاوارێك كەوتە بەرگوێ: "هەی فاحیشە"، "هەی سەگی گلاّو"، "توخمی سەگ"، "بەرەلاّی داوێن پیس!. . . . ! كەسەری لەپەنجەرە دەركێشا بینی لەنزیك مالّەكەیانەوە كۆمەلّێك خەلّكی دێ ئاپوورەیان بەستووە. پیرەژن هێشتا بۆی مەعلوم نەبوو كەئەم هاوارە بەسەركێ‌دا دەدرێ، بۆیە زیاتر خۆی كشاند تا حالّی ببێ و سەرەنجام توانی لەنێو خەلّكەكەدا دەنگی قۆربان عەلی بناسێتەوە. كە خێرا خێرا دەینەڕاندو دەیوت: "تۆژنێكی خوێڕیت"، شەرمت لێبێ هەی ژنی بێ ئابڕوو. . !. پیرەژن بەپڕتاو دەرپەڕی و دڕی بەئاپوورەی خەلّكەكەداو خۆی گەیاندە نێوە ڕاستی، هاوارو دەنگە دەنگەكەوە. بینی كەوا ژنان و پیاوانێك دەوری سوورەیایان داوەو بەدەم هاوارەوە خەریكی داركاری كردنی ئەون. زەهرا خانم بانگی قوربان عەلی كرد و ووتی: ئەوەچ خەبەرەقوربان عەلی؟ مەگەر تۆ شێت بویت وادەكەی؟ دەزانیت خەریكی چ كاریك دەكەی!؟

قوربان عەلی: حەقی خۆیەتی، خیانەتی لێكردووم. . . تێدەگەی خیانەت یانی چی!؟

زەهرا: خیانەتی چی!. . كێ‌بەكێ خیانەتی كردووە!؟

قوربان عەلی: هەر ئێستا پێكەوە لەگەڵ هاشم دا گرتمن!. .

هەرلەو كاتەدابوو كە مەشدی ئیبراهیم كوێخای دێ گەیشتەجێ‌ی و ڕووی كردە پیرەژن و ووتی: ئەوەچ قەوماوە؟ بۆ وادەكەن؟. . پێش ئەوەی زەهرا وەلاّم بداتەوە، قوربان عەلی هاواری‌كرد: ئەم ژنە خیانەتی لێكردووم ولەگەڵ هاشم دا دەستی تێكەڵ كردووە و ئێستاش لەجێگادا پێكەوە گرتوومن!!.

كوێخا ڕووی‌كردە سوورەیا ووتی: سوورەیا مێردەكەت ڕاست دەكا؟ تۆخیانەتت بەو كردووە؟.

سوورەیا بەدەم گریانەوە، کەبەسەختی دەیتوانی بدوێ ووتی: ئەمە ڕاست نییەو من خیانەتم بەکەس نەکردووە. زەهرا بەبیستنی ئەم قسانە هەڵچوو، پاشان پرسی: باشە تۆ پێم ناڵێیت ئەم ژنە چ کارێکی کردووە؟.

قوربان عەلی: خۆی باشتر دەزانێ کەچ کارێکی ئەنجامداوە!. . من خۆم هەر دووکیانم لە قافدا گرتووەو بینیمن کەچۆن بەجوتە بەدەم یەکەوە پێدەکەنین ولەبن دەستی یەکتر دابوون!.

کوێخا جارێکیتر دەنگی لێبەرزبوەوە و ووتی: سوورەیا مێردەکەت ڕاست دەڵێ؟.

سوورەیا: بەدەم ناڵەناڵ و گریانەوە هەوڵیدا زیاتر بڵێ: " من بەهاشمم ووتووە کە خواردنم بۆلێناوە وجلی مناڵەکانم بۆ شۆردووە. . بەڵێ ئێمە بەدەم یەکەوە پێکەنیوین، بەڵام هەمووتان باش دەزانن کەمن وفەیرووزە هاوڕێ ودۆستی نزیکی یەکبووین ولەدوای مردنییەوە من هاتووچۆی ماڵی هاشم دەکەم و ئەمەش هەمووتان بەباشی دەیزانن. . . ".

قوربان عەلی: هەموودەزانین کەتۆ هەموو ڕۆژێك لەماڵی هاشم دەمێنیتەوە و لەگەڵ ئەوا دەنویت. . تەنانەت تۆ لەو حامیلەیت. .

سوورەیا: ئەمەدرۆیە. . من تائێستا جگە لەمێردی خۆم دەستم لەدەستی هیچ کەسێك نەکەوتووەو هاشمیش نەی توانیوە ئەم کارەلەگەڵ مندا بکات. . .

کوێخا ماوەیەك تێڕاما وبەسەر بادانێکەوە سەرنجی زەهرا خانمی ئەدا وپاشان لەهاشمی پرسی: هاشم باش گوێ بگرە، ئەم مەسەلەیە زۆر گرنگە، پێمان بڵێ کەسوورەیا بەتۆی ووتووە ئامادەیە دوای نانخواردن، لەگەڵتا بنوێ!. . وەڵام بدەرەوە خێرا؟!!. هاشم سەری لەبەر خۆی نابوو، بەبێدەنگییەوە کەوتە قسەو ووتی: بەلێ. . بەڵێ. . . ئەو ئەم قسانەی بەمن ووتووە!!. بەدوای ئەمەدا زەهرا خانم تێگەیشت کەچ چارەنوسێك هەڕەشە لەژیانی سوورەیا دەکا، بەتایبەتی کە ئاگاداری ئەوەش بوو ساڵی پار قوربان عەلی و مەلاحەسەن لاجوردی دەیان ویست لەسەر مارەییەکەی سوورەیا ڕێك بکەون و پاشان سوورەیا تەڵاق بدرێ و مەلا بۆ خۆی بیخوازێتەوە. هەربۆیە ڕووی کردەوە سوورەیاو پرسی: کچم ڕاست بڵێ لە نێوان تۆ و هاشمدا شتێك لەگۆڕدا بووە؟.

ژنی گەنج، سەرنجێکی دایە پوری ووتی: چۆن تۆ دەتوانیت ئەم جۆرە پرسیارانە لەمن بکەی؟ من لەتۆ وەڵامم دەوێ! من هەرگیز نەلەگەڵ هاشم و نەلەگەڵ هیچ پیاوێکیتر پەیوەندیم نەبووە، ئێوە ئەمە دەزانن و تەنانەت هەرگیز بەفکری ئەم جۆرە کارانەوە نەبووم، دایك و باوکی من وایان بەخێو نەکردووم کەدەست بەرم بۆ ئەم جۆرەکارانە. . . .

زەهرا دەیزانی کە کچی خوشکەکەی ڕاست دەکا، بەڵام ئەوە قانونی ئیسلامییە کەکاری خۆی کردووە و هیچ شتێکیش بەڕوویدا ڕانەوەستاوە. . ئەوەی کەهەرگیز بەخەیاڵی زەهرادا نەدەهات ئەوەبوو، کەدووای ئەم ڕووداوە کچە خوشکەکەی تەنها بۆ چەند سەعاتێکیتر دەتوانێ زیندوو بمێنێ. .

خەڵکەکان تادەهاتن زۆرتر دەبوون وزۆرتر قەوارەی ئاپوورەکەیان گەورە دەکردەوە، پرسیارەکان زۆربوون و دەمی بەد گومانی زیاتر دەهاتە گۆ، تا لەنێوان ئاپوورەی خەڵکەکەوە نەعرەتەی هاوار دەستی پێکرد. . لێرە ولەوێ بانگی الله اکبر هەڵدرا ولەگەڵ نەفرەت تیکەڵ بەیەك دەبوون. . تا گەیشتە ئەوەی زۆربەی زۆری دانیشتوانی دێ کۆببنەوە، بەڵام پانتایی تەسکی دێ دیمەنی خەڵکەکەی سەرسامتر لەقالب دابوو، لەناکاو نەعرەتەیەکی دەنگ دڕاوی غەزەباوی بیستراو پاشان ڕیزێك تەقەی تفەنگ بەهەوادا کرا، پیاوانێك کەلەوێ کۆببونەوە مشتە کۆڵەکانیان بەرز دەکردەوەو خێرا خێرا هوتافیان دەدا: گوناهکار. . گوناهکار!. . بدرێ حوکمی گوناهکار! بەپێی قانونی ئیسلامی بدری سزای گونهکار. . ! دەنگی هاوارو نەعرەتەی پیاوان کاتێك پڕخرۆشتر دەبوو کە خەڵکەکە بیستیان مورتەزا ڕەمەزانی باوکی سوورەیا، لەدژی کچەکەی خۆی سزای خوداو ئیمامی هەڵبژاردووە.

خەڵکەکە تادەهات بەدەم هوتاف لیدان و دەنگە دەنگ و هاوراو نەعرەتە لێدانەوە وورده وورده شەکەت دەبوون، تاوای لێهات بێدەنگی یەك باڵی بەسەریاندا کێشا وئینجا قوربان عەلی فرسەتی بۆ پەیدا بوو، دەستی بەرزکردەوەو سەرنجی خەڵکەکەی بۆلای خۆی ڕاکیشا وپاشان بە ئاراميیەکەوەو لەسەرەخۆ وەك بییەوێ لەیەکەم ووشەیدا بەباشترین شێوە خەڵکەکە حاڵی بکات، ئەوجا وتی: "بەردەباران" ئەمە سزای خواو ئیمامی ئوممەتە بۆ ژنانێك کەگوناهکارن. . ئیمەش دەبێ پەیڕەوی لەوە بکەین کەخوداوەند پێی فەرمووە ووین. . . بەم جۆرە قوربان عەلی هاوسەری خۆیی و دایکی نۆمناڵەی مەحکوم بەمەرگ کرد. . .

مەراسیمی پەردەبارن سازدرا:

کات. . هاوکاتبوو لەگەڵ گەرمای نێوەڕۆیەکدا، دنیا شێدارو گەرم بوو، نەفەس لەگەروودا گیردەبوو، سەوزایی دەروبەر وینەی تابلۆیەکی تەلخی لەچاواندا دەنواند. . هەرچەند هێشتا مەعلوم نەبوو کەڕووداوەکە بەرەو کوێ دەڕوا، بەڵام بەرزایی کۆهپایە پێوەی دیاربوو کەمەرگی ئینسانێکی لەباوەش گرتووە. بەرزاییەکان پەردەی سپی نمایشێکیان دەنواند، بەئاشکرا دیاربوو کە کەمێکی تر فلیمی داستانی ئینسانکوژی ژنێکی بیتاوانی لێنیشان دەدرێ.

کوێخا داوای لەخەڵکەکە کرد کەتاوێك ئارام ببنەوە تا سوونەتی خوا و پێغەمبەر و ئیمام بەڕێوە ببرێ:

"برادەران ئیمە کەئێستا لەبەردەم ماڵی خواناس و ئیماندار مورتەزا ڕەمەزانی، باوکی سوورەیا دا کۆبوینەتەوە، دەمانەوێ شەرەفی لکەداربوومان بگێڕینەوە، چونکە ئەم فاحیشەیە نەك هەر شەرەفی مورتەزا ڕەمەزانی لکەدارکردووە، بەڵکو ئابڕووی هەموو خێزانەکان، بەژنان و پیاوانەوە لکەدار کردووە. . . ". دەنگی هەمووان بەرزبوەوە و دەوترا: ئەمە ڕاستە. . بەخوا تۆ ڕاست دەڵێی. .

کوێخا کەوتەوە دوان و ووتی: بەڵام ئەمە هەموو مەسەلەکە نییە شەرەفی مورتەزا تەنها شتێکی تایبەت بەو و یارانی نییە، بۆیە من پێتان ڕادەگەیەنم کە ڕووداوێکی خراپ ڕوویداوە، ئەویش لەکەدار کردنی شەرەفی خواو پیغەمبەرو ئیمامی ئوممەتە کە بەگاڵتەجاڕی گیراوە !. . لەنێو قسەکانی کوێخاوە هاوار وگریانی خەڵکەکە جاروبار دەبیسترا: ئەمە فاحیشەیەو دەبێ بمرێ !. ئاخرین پەیامێك کەلە نێو قسەکانی کوێخادا هات، بووە مایەی بزواندنی هەستی ناموسپەرستی پیاوان و ئەوانیش بۆ گێڕانەوەی ناموسی کەوتوویان، کەوتنە هاوار کردن: بێکوژن ! بێکوژن دەستان سەوزە. .

دوای کەمێك کپ بوونەوەی هاتوهاواری پیاوان کوێخا بۆی دەرکەوت کەئیتر کاتی ئەوە هاتووە هەرچی زووترە قاوی مەسەلەکەبدات، هەربۆیە کەوتەوە قسە:

"بسم الله الرحمن الرحیم. . . . ئێستا دەقی سزاکەتان بۆدەخوێنمەوە کەلەجەلسەی شورای ئیسلامی دێدا، رۆژی ٦ی مورداد، ساڵی ١٣٦٥ بەئامادەبوونی بەندە و مەلای ئاوایی و دوو یاوەری تر، "شکرالله جلیل و محمد قوربانی" بریارمان لەسەر داوە. ئەم بریارە لە دانیشتنێکی ٤٠ دەقیقەییدا بڕیاری لەسەردراوە کە بەم جۆرەیە:

" گونهکار سوورەیا مەنوچهری دەبێ لەسزای تاوانەکەیدا، تاخۆر ئاوای ئەمرۆ بەپێی رەوشتی ئیسلامی، بەردەباران بکرێ تا گیان لەدەست دەدات". . ئێستاش هەر ئەندامێکی شوورا دەتوانێ نەزەری خۆی لەسەر ئەم بڕیارە بدات".

هیچ کەس ئامادەنەبوو کە قسەیەك بکات. . بۆیە دیسانەوە هەلهەلەو نەعرەتەو هوتافدان دەستی پێکردەوە: مردن بۆ داوێن پیس. . بۆ فاحیشە !.

کوێخا جارێکیتر داوای لەخەڵکەکە کردوە کە بێدەنگ بن، پاشان درێژەی دایەوە بەقسەکانی: تاکو ئێستا هیچ کەس لەم ئاواییەدا بەردەباران نەکراوە و هەموومان بەشەرافەتمەندییەوە لەسایەی شەریعەت و سوونەتی ئیسلامدا ژیاوین. . کەس نەبووە شەرفی لکەدار بووبێت، بەڵام من ئاگادارم کەساڵی ڕابردوو لە گوندی خواجە ئەسغەر کە نزیك گوندەکەی خۆمانە و

هەروەها لەشاری "بابەك" سزای بەردەبارانكردنی ژنان جێبەجێكراوە، یەكێك لەدۆستەكانمان لەكرمانەوە بەسەرهاتی چۆنیەتی بەرێوەبردنی ئەم سزایەی بۆ باسكردووین وائێمەش دەمانەوێ بەرێوەی بەرین. . .

بەدوای قسەكانی كوێخادا دەنگێك هاواری كرد: زەهرا خانم وەرە ئێرە بڕیاری سزا تەواو بووەو بزانە تاوانبار ساز ناكەیت. .

پیرەژن كەچارەی نەمابوو، كچە خوشكەكەی گرتەباوەش و بەرەو ناوەڕاستی پانتاییەكە بردی. پینج كەسی بەدەم ڕەوزە خوانییەوە بەرەولای سزادراو هاتن، لەحاڵێكدا كە سوورەیا بەبەندكراوی لەژێر فشاریكی دەروونی گەورەدا ڕگیرابوو، بەجۆرێك كەهۆشیان لێبڕیبوو، دڵی بەخێرایی لێی دەدا، هەناسەی سواربوو، تەرایی لەقوڕگیدا شەختەی گوێزانێك بوو. . ئەو لەچاوەڕوانی مەرگێكدابوو، بەڵام چ مەرگێك!. .

پوری هاتە لایەوە و بەگوێچكەیدا چرپاندی: كۆرپەم ئازابە من دەزانم تۆ بێتاوانیت و خوا بەو بەرزاییەوە شاهیدەو ئاگای لییە. . تۆ مستەهەقی ئەمەنیت كەپێتكراوە. . .

بەیەكەم ئیشارەتی كوێخا، شێخ حەسەن كەلەسەر بەرزاییەك ڕاوەستابوو، سەری قسەی بەدەستەوەگرت و ووتی: بڕۆن بەرد كۆبكەنەوە!. . چونكە دوای ئەوەی كەخۆمان بەبەرد چەكدار كرد، دەست پێدەكەین.

خەڵكەكە كەوتنە خۆیان بۆ گەران بەدوای بەرددا. . لەسەربانەكان ولێواری جۆگەو دیوارە داروخاوەكانی ناو دێ، خشت و بەردی خۆیان كۆكردەوە. چەند پیاوێك بۆئەوەی بەدەستی خاڵی نەگەڕێنەوە، دیواری خانوویەكیان ڕووخاندوو پەنایان بۆ بەردەكانی برد. . هێشتا چەند ساتێك تێپەڕ نەبوو بوو، خەڵكەكە گەڕانەوە و ڕیزیان بەست. لەڕیزی پێشەوە زەهراخانم و پیاوانی ڕەوزەخوێنی دێ و قوربان عەلی، لەدوای ئەوانیش كوڕەكانی سوورەیاو دوو یاوەرەكەی كوێخا، شكرالله جلیلی و محمد قوربانی ڕاوەستابوون، بەدەوری ئەوانیش پیاوانی دێ ئاپوورەیان لێدابوو. . . مەراسیمەكە كەوتە ئەوەی دەست پێ بكات، بەڵام كوێخا ڕووی كردە كەنناسی دێ و ووتی: كێ پاچ و خاكەنازی پێیە؟ ڕوسووڵ ووتی من قوربان! پیاویكی تریش لەولاوە دەنگی لێهات و ووتی: منیش پێمە كوێخا. . . پاشان كوێخا بەپەنجەیەك ئیشارەی دابە گۆشەیەك لە پانتایی بەردەم خەڵكەكە. . بەڵام ئەوێ خاكەكەی بەردەڵان و ڕەقەڵان بوو. . . بەدوای یەك دوو پاچ لێداندا كوێخا بۆی دەركەوت ئەو شوێنە كات زۆر دەبا. . كوێخا دەیویست هەرچی زوترە سزای خوا جێبەجێ بكاو مەراسمەكە ڕانگیرێ، بۆیە بە ئیشارەتێكی تر شوێنەكەی گواستەوە بۆ سەوزەلانێك كە خاكەكەی نەرم و فشەڵ دیاربوو. .

ڕەسووڵ، هێندەی بڵێی یەك و دوو كەوتە پاچ وەشاندن و لەماوەی چارەكە سەعاتێكدا لەگەڵ دووپیاوی تر چاڵێكی گەورەیان ئامادەكرد. پاشان كوێخا فەرمانیدا كەپاچ و خاكەنازەكان بخەنەكەنارەوە و داوای لە مەلا حەسەن كرد بچێتە سەر بەرزاییەكەو قسەكانی بكات، مەلاش بەدوای ئەم فەرمانەدا چەقی بەرزایی گرت و كەوتە قسە: بسم الله الرحمن الرحیم. . . باهەموو دوعا بكەین و لەخوا و ئیمامی عەزیزمان سوپاس بكەین كەئێمەی بەنسیب دین و ڕیبازێك كردووە كەدەتوانین لەسایەیدا بەسوونەت و شەریعەتی خۆمان پشت ببەستین تاسزای گونهكاران بدەین و ژیانی دنیای ئەمرۆمانی لێ پاك بكەینەوە. .

مەلا لەدرێژەی قسەكانیدا كەوتە دەست هەڵبڕین و ووتی: ئەی ئەو خوایەی كەقەزاو قەدەری ئینسانەكان لەدەست تۆدایە، ئێمە هەموو نۆكەرو عەبدێكی ڕوو ڕەشی تۆین، و لەتۆش داواكارین یارمەتیمان بدەی. . . ڕێگامان نیشان بدەی تا ڕێگای ڕاست بگرینەبەر و ڕێگایەكیش كەلەغەزەبی تووە دوورە وێڵی بكەین. . . پیاوان هەموو دەستیان هەڵبڕێ و بەیەك دەنگ ووتیان. . ئامییین!

كوێخا ئیشارەتێكی دایە زەهرا خانم و داوای لێكرد كە گونهكار ئامادەكات. . ئەویش بە ئارامییەكەوە هەستاو باڵی سوورەیای گرت و بردیە ناوچاڵەكەوە و ڕووبەڕووی خەڵكەكەی ڕاگرت، پاشان پارچە پەڕۆ ڕەشەكەی لەچاوان كردەوە. . سوورەیا چاوی هەڵهێنا، بەڵام نەیدەویست كەس لەو ناوە ببینێ. . لێوەكانی بەهێواشی دەلەرزا، هێشتا پێی وانەبوو

کەشتێکی خراپ دەقەومێ. . سوورەیا ژنێکی سادەبوو بەڵام لەبەرامبەر سزاو مەرگێکی یەکجار سەختدا ڕایانگرتبوو. . ئەویش بۆکەسێك کەلەبەرامبەر باوك و کوڕو مێرد و هاونشینانی دێی خۆیدا بڕیاریان لەسەردابێ. . ڕۆژگاریکی ڕەش و بێ ویژدانە ! چییە ئەو خۆشەویستییەی باوك و مێرد، سۆزی دایکایەتی و هاوڕازانی چەندساڵەی خەڵکی ئاوایی. . لەنێوان چەند ساتێکی کەما بەدەم ئێش و ئازارو ترسەوە تاوان دەخولقێنێ. . بەڕاستی کێ تاوانبارە ! ئەوەی تا سینەی لەگڵدا چێنراوە یان ئەوانەی لەسەر بەرزاییەوە قسەدەکەن و بەپەنجەیان حوکمی مەرگ دادەدن ؟. . کێ تاوانیارە ئەوانەی کە دیوارەکانیان ڕووخاند بۆ پڕکردنی مشتەکانیان لەبەردو خشت، تا قینی ناموسیان دامرکێنن، یا ژنێك کە هەموو تەمەنی ماندوو بوونی بەشداری کردن بووە لە میژویی ژیانی گوندیکی پڕلە کوێرەوەریدا ! !

سوورەیا ئارەزووی بوو ئەگەر بۆ تاوێکی خێراش بووە بیرەوەرییە تاڵەکانی ژیانی خۆی وەبیر بهێنێتەوە، بەڵام هات و هاواری پیاوان ڕەچەتەی خەیاڵکانی دەشکاند و توانای لەبەر دەبڕی. . هەی فاحیشەی بێ قیمەت!. . هەرئەمە شایانی تۆیە ! بگرە دەی با سزای داوێن پیسی خۆت وەرگرێ ! !. . . کوێخا کەلەنێوان دووژندا ڕاوەستابوو کەوتە قسە: برادەران کاتی ئەوە هاتووە بەخواستی خودا دەستووری ئیسلامی خۆمان بەڕێوە بەرین. . دەنگی پیاوێك لەنێو خەڵکەکەوە بەرزبوەوە و وتی: خێراکەن سەبرمان سووا ! کاتی تەواو بووە !.

کوێخا جارێکی تر دەستی بەرزکردەوە و ووتی: هەموو شتێك دەبێ بەپێی خواستی خوا بەڕێوە ببرێ. . جاباشترە کەمێك ئارام بگرن، تا سوننەتی ئیسلامی خۆمان بەپێی شەرع بەڕیوە بەرین. . بەدەم ئەم قسانەوە ڕووی کردە باوکی سوورەیا و درێژەی پێدا: یەکەمین بەرد برادەر مورتەزا ڕەمەزانی، باوکی گوناهکار بەردەکانی خۆی دەهاوێت، پاشان ئەگەر ئەم نەی پێکا ئەوا نۆرەی قوربان عەلی دێت، ئیجا نۆرەی حسن و حسین کوڕەکانی تاوانبار دێت بەدوای ئەمانیشدا نۆرەی خەڵکی ئاواییە، تاهەمووان لەم مەراسیمەدا بۆ گێڕانەوەی شەرەفی لەدەست چوومان بەشداربین. .

کوێخا لەبەرزاییەکە هاتە خوارەوەو بە ئیشارەتێك شکراللە و محمدی لەڕیزی پێشەوەی خەڵکەکە دەرکێشا و ئەوانیش چەپ و ڕاستیان گرت و دەستیان کرد بەپڕکردنەوەی چاڵەکە. . لەولاشەوە هەموو بەچاوی سووکەوە سەیری سوورەیایان دەکرد. . خۆڵ جەستەی سوورەیای داپۆشی، دەتووت تاکو شانی لەتەختە گیراوە، قژەکانی ئالۆزکاو وخاکیان داپۆشیبوو. . گەنجە ژن خۆی لەبیرکردبوو، دەنگی کەسی نەدەهاتە بەرگوێ. . .

دوای ئەوەی زەویەکەیان کوتایەوە، کوێخا ڕووی کردە ژنەی ژێرخاك و ووتی: لەم کاتەدا کەخەریکین سزای خوا بەڕێوە دەبەین ئەگەر قسەیەکت هەیە، باشترە بیکەیت دەنا دواتر درەنگ دەبێ. . . سوورەیا بێ وەڵام بوو، بۆیە جاریکیتر کوێخا هەمان ڕستەی دووپات کردەوە. . بێهودە بوو، کوێخا ڕووی کردە باوکی سوورەیا و ووتی: ئاغا مورتەزا ئێوە وە ك باوکی گوناهکار ئەگەر دەتانەوێت قسەیەك بکەن بفەرموون: ئەویش کەوتەخوی و پشتی ڕاستکردەوە، پاشان دەستێکی بەگۆچانەکەیەوە گرت وکەوتە قسە: خواستی خوا دەیی جێبەجێ بکرێ. . ئەمە ئیتر کچی من نییە و ڕێ بدەن تا دەستووری ئیسلام بەڕێوە بەرین. . بەدوای ئەودا کوێخا ڕووی کردە مەلا حەسن و ووتی: ئاغای لاجوردی ئەگەر ئێوەش دەتانەوێت لەم کاتەدا قسەیەك بکەن بۆ خەڵکی ئیمانداری گوند بفەرموون: مەلاش قورئانەکەی دەستی بەرزکردەوە و هاواری کرد: باخواستی خوا بەڕێوە بەرین، باتاوانکار بەپێی یاسای خواو ئیسلام سزا بدەین. . . قسەکان تەواو بوون. کوێخا بەئیشارەتێك خەڵکەکەی لەچاڵەکە دوورخستەوە و پاشان پەتێکی لەگیرفانی دەرهێنا و بەباڵی ڕاستی چەند باڵێکی پێوا و بەچەقۆیەك بڕی. . ووتی ئەمە نزیکەی حەوت هەشت مەترێك دەبێ، ئینجا بەرەو لای شکراللە درێژی کرد و پێی ووت بازنەیەك بکێشە بەجۆرێك کەللە سەری سورەیا ببێتە ناوەڕاستی بازنەکە. . دواتر داوای لەخەڵکەکە کرد بەدەوری بازنەکەدا ڕاوەستن تا نیشانەکە بۆ هەمووان دیاربێ.

کوێخا بەردێکی هێناو بەرەو ڕووی مورتەزا درێژی کرد و ووتی: بفەرموون ئاغا مورتەزا ئێوە جێگای ئیفتخارن کەیەکەم بەرد بەدەستی ئێوە بهاوێژرێتە نیشان.

پیرە مێر دیسانەوە گۆچانەکەی لەزەوی گیرکردەوە و بەدەم شوکرانە کردنی خواوە هاواری الله اکبری کردو یەکەم بەردی هاویشت، بگرە فاحیشە. . ئەی بێناموس. . . ! یەکەم بەرد نیشانی نەپێکا و کوێخا هەرخێرا دووەم بەردی دایە دەست، بەم جۆرە وبەدەم هاوارەوە هەرچوار بەردەکەی هاویشت بەبێ ئەوەی نیشان بگرێ، بۆیە هاورای کرد و ووتی بەردێکی ترم وێدەن تا کەللە سەری ئەم بێناموسە داغان کەم! !. . کوێخا بەری پێگرت و ووتی ئاغا گیان حەقت تەواوە و ئیتر نۆرەی قوربان عەلییە. قوربان عەلیش کە قۆڵی لێهەڵماڵی بوو، بەردەکانی خۆی لەبەر پێیدا ڕیزکردبوو، چاوەڕێبوو پێی بڵێن سەرەتە. چونکە ئەو لەمێژبوو چاوەڕێی ڕۆژێکی وابوو. . بۆیە هەر کە کوێخا ووتی دەی ئەم یەکەم بەردی هاویشت و لەنزیك سەری سوورەیاوە گیرسایەوە، بەبێ ئەوەی ژنەی ژێرخاك هیچ کاردانەوەیەك لەخۆی نیشان بدات. پاشان قوربان عەلی بەردی دووەمی بەرەو سەرەوە بەرزکردەوە و سەیرێکی خەڵکەکەی کرد، وەك بڵێی مەبەستیەتی لەم پاڵەوانبازییەدا کەسی تر لەهاوشانی خۆیدا نەبینێ، هەربۆیە تاهێز و گوڕی تێدابوو تینی دایە خۆیی و بەردەکەی هاویشت و لەسەری سوورەیای تێپەڕکرد، بەبێ ئەوەی ئەمەشیان نیشان بگرێ. . هەر خێرا سێهەم بەردی خستەوە دەست و وەك جارەکانی تر بەردەکەی هاویشت. بەلام ئەمەیان کەللەسەری سوورەیای پێکا، یەکسەر خوێن فوارەی کرد و زەوی سورکرد. . مرخەمرخ و نوزەی سوورەیا لەگەل قولپە قولپی خوێن وبۆن و بەرامەی تەڕی خۆلەکە تابلۆیەکی تراژیدیبوو، کەویژدانی هەرکەسێکی دەبزواند، جگەلەوانەی کە هونەری ئەم کارەیان لەئەستۆ گرتبوو. . قوربان عەلی بەزەردەخەنەیەکەوە سەرکەوتوانە سەرنجی خەڵکەکەی دەدا، و ئەوانیش دەست خوشانەیان لێدەکرد. . دەنگ وهاوارو نەعرەتەی خوایی بەرزبووەوە: بژی قوربان عەلی دەستت خۆش. . پەنجەکانی تۆ بەهەشتین. . ! بەدوای بەردی چوارەمدا. . کوڕەکانی سوورەیا بەردەکانی خۆیان هاویشت. تەنها بەردێکیان نیشانەی پیکا. . جارجارە دەنگی هاواری هەقەو هەقی کوشتن دەگەیشتە گوێ. . لەم کاتەدا بوو کە سەرە هاتە سەر مەلا حسەن، ئەمیش کە قورئانێکی بەدەستێکەوە بوو، گوێزایەوە بۆ دەستی چەپی و بەدەستە ڕاستی یەکەم بەردی هاویشت، بەڵام بۆئەوەی ڕێگا بۆ بەردەکانی تری بکاتەوە، ڕووی کردە خەڵکەکەو ووتی: ئەوە خواوەندە کە بازووەکانمان دەخاتە جوڵەو فەرمانمان پێدەدا تۆڵەی ئیمام لە تاوانی نەنگینی ئەم ژنە بێناموسە بکەینەوە. . منیش وەك ڕێ ورەسمی سزای ئیسلام بەردەکانی خۆم دەهاوم تا ئەم فاحیشەیە گیان دەسپێرێ. . . سوورەیا لەناوەڕاستی خەڵکەکەدا خەریکی گیان کێشان بوو، جەستەی لە خوێن و گڵ هەڵکشابوو، پێستی سەری داماڵراوو و چانگەی تێك و پێك چووبوو، چاوەکانی هەریەك بەلایەکدا دەر پۆقابوون و لە شوێنەکانیانەوە خۆین فوارەی دەکرد، خۆڵ و خوێن و قژەسەر تێکەل بەیەك کرابوو. . مەلا کە دڵۆپە خوێنی سوورەیای وەبەر جلەکانی کەوتبوو، دەستی بەرزکردەوە و هەوڵیدا خەڵکەکە ئارام رابگرێ، ئەوجا ووتی: برادەرانی موسوڵمان گوێم لێ بگرن. . تکایە تاوێك گوێ بگرن، چونکە وابزانم کاری خوا جێبەجێ بووە. . ئایا کەسێك لەئێوە دەتوانی هەمووان لەمەرگی ئەم سەگە بێناموسە دڵنیا بکا؟ چەند کەس دەستیان بەرزکردەوە، لەنێوانیاندا سەعید چووە لای سەری سوورەیاوە و گوێچکەی ڕادێرکردو هاورای کرد: نا هێشتا نەمردووە!! پیاوێك کەلەلاشەی سوورەیاوە نزیك بوو چەند شەقێکی هاویشت، یەکێکی تر بەهەمان شێوە، پیاوێکی تر لەنیو خەڵکەکەوە بەخێرایی ڕایکردو تاهێزی تیابوو خشتەکەی دەستی دا بەکەللەسەری سوورەیادا و جومجومە سەری ژنەی کردە دوولەتەوە و میشکەسەری بەوناوەدا پرژاند. . . ئەمە ئیتر نیشانەی سەرکەوتنی بەهەمووان دا، هاوار و نەعرەتەو هوتافدان سەدای کرد بەگوێی بەرزاییەکانی کۆهپایەدا. . الله واکبر. . !!، الله واکبر. . !! مەلا جارێکی تریش قورئانەکەی لەنێوەندی خەڵکەکەوە بەرزکردەوە و داوای لێکردن لەدەوری زیاتر کۆببنەوە. ئینجا ووتی: سوپاس بۆ خواو بۆ ئیمامی گەورەمان کەتوانیمان، ئەو ئەرکەی لەسەر شانمان بوو ئەنجامی بدەین. . وورده وورده بێدەنگی شوێنی خۆی لەنێو خەڵکەکەدا

دەكردەوە و ئەوجا مەلا دەستی دوعای هەڵبڕی و كەوتە خوێندنی چەند دوعا وئایەتێك كە بەدوایدا ئەوانی تر دەیان سەندەوە. . .

ڕۆژ لەپشتی درەختەكانەوە بەرەو ئاوابوون دەچوو، تاریكی خەریك بوو خۆی دەكێشایە ناو گوندەوە، دنیا رەنگی مسی لێ نیشتبوو، دەتوت ڕەنگی خوێنی سەری سوورەیای لەخۆ گرتووە، سەگی ئاوایی كەبۆنی خوێنیان لەلوت پەڕیبوو تادەهات لەشوێنی ڕووداوەكە نزیك دەبوونەوە سەگێك سرتەی كرد و خۆی نزیك كردەوە لەلاشەی سوورەیا. . زەهاراخانم هاواری كرد: خێراكەن پارچە قوماشێكم وێدەن تا ئەم لاشەیەی پێ بشارمەوە. . !

شوورای ئیسلامی دێ خێرا بڕیاری كۆبوونەوەی لەماڵی شێخ حەسەن دا. كوێخا سەرەی قسەی دامەزراند: ئێستا كاتی ئەوەیە لاشەی سوورەیا بنێژین، باشتریشە كە لەم بارەیەوە ئاغای لاجووردی قسەی خۆیمان بۆبكات. . هەموو دەمووچاوەكان ڕووی خۆیان بۆلای مەلا وەرچەرخاند و ئەویش دەمی قسەی كردەوە و ووتی: بەڵێ پێویستە هەر ئەم شەو لاشەی ئەو ژنە چارەسەر بكەین، بەڵام من پێم باشە، كەوابزانم ئێوەش وەك من بیر دەكەنەوە، لاشەكە لەگۆڕستانی دێدا نەنێژین. چونكە ئەم شوێنە بۆ ئەو جێگایەكی دروست نییە و خۆتان ئەزانن كەچۆن لە دینی ئیمام و ڕەوشتی موسوڵمانان لایداوە. .

بەڵێ ئەو كارێكی زۆر خراپی كردووە بەرامبەر بە شەرەف و ناموسی هەمووماں، كەوایە من ئەو پێشنییارە دەكەم كە هەرگیز لاشەی ئەو ژنە لەگۆڕستانی دێدا نەنێژین. . ژیان و كردەوەی سوورەیا مەنوچەهری ناشەریفانەو بۆگەنە ونابی تیكەڵ بكرێ لەگەڵ مردووی مسوڵماناندا. سوورەیا مەنوچەهری كەبەهۆی كردەوەی بەدی خویەوە لەلوتفی ئیمام و پیغەمبەر بێبەرییە، درۆی لەگەل ئیمەو خودادا كردووە، دۆستی ئێمە هاشم كە هێشتا غەمی ژنە مردووەكەی كۆن نەبووە، خەریك بووە بكەوێتە داوی ژنێكی بێناموسەوە و لەخشتە ببرێ. . بۆیە دەبێ لاشەی سوورەیا لەگەڵ شەیتاندا بنێژرێ. . ئەو هەروەك سەگ ژیاو باشترە وەك سەگیش بمرێ! كەوایە بالاشەكەی فڕێدرێتە سەرشیوەكەو بیكەینە خۆراكی دڕندە. . .

پیاوەكان جارێكی تر خۆڵی چاڵەكەیان هەڵدایەوە و لاشەی سوورەیایان لەخاك دەركێشاو پاشان لەپەتۆیەكەوە ئالاندیان. ئینجا خستیانە سەر عەرەبانەیەك و بردیانە لای شیوەلانی ژووروی دێ فڕێیاندا. . پیاوان بەعەربانەی خویناوییەوە گەڕانەوە بەرەو ماڵ. .

تاریكی شەو تێكەڵ بوو بەسامی كوشتارێك كەنیوەڕۆ لەپانتایی دیدا خولْقا، ئارامی بەتەواوی خۆی لەنێو شانی كۆلانەكاندا چەسپكردبوو. . زەهراو چەند ژنیك كەهێشتا بەدیار لاشەكەوە بوون، یەكەیەكە سەرنجیان لەیەكتر دەداو بەچاوان دەدوان، دیار بوو دەیان ویست ئەوە بلێن بەیەك، كەچارەنوسی ئێمەی ژنانی دێ لەمەبەدواوە لەخەتەردایە، نوزەو ناڵەناڵی ژنان، كڕووزانەوەی زەهرا و گریانی مناڵان تابلۆیەك بوون بۆ خوێندنەوەی وێنەكانی ئینسانی بێدەسەڵات. . زەهرا زۆر هەوڵیدا بەبەردو داری ئەو ناوە لاشەی سوورەیا بشارێتەوە. . بەڵام هێشتا قانع نەبوو بەوەی كەكردویەتی. . ژنان هەیپایان لێكرد و ئەویشیان لەگەڵ خۆیاندا هەستان.

زەهرا ئەوشەوە تابەیانی نەخەوت، كاتی چاوەڕوانی تێناپەڕێ و ئەمیش بەدەم كڕوزانەوەوە سەروچاوی خۆی دەڕنی، نەی دەزانی چیبكات. بەیانی ڕۆژی دوایی كەتازەبەتازە ڕۆشنایی كازیوەی لێدابوو. . زەهرا لەماڵ دەرپەڕیوو بەرەو لای لاشەكەی سوورەیا هەڵگەڕا، كەنزیك بوەووە ترس دایگرت، دڵی كەوتە لێدانێكی خێرا، هەناسەی سووار بوو توانای ڕۆیشتنی نەما و هەنگاوەكانی بە ئاستەم قاچەكانی بەدوایی خویدا كێش دەكرد، بەدەم ڕەشكەو بێشكەی چاوە كزەكانییەوە، دیمەنێكی ترسناك هاتە پێش چاوی، بۆیە بەناچار نەیتوانی خۆی ڕابگرێ و كەوتە سەر زەوی. . وزاقێكی تری وەبەر خۆی هێنایەوە، دیسانەوە كەوت و هەستایەوە تا خۆی گەیاندە دارێكی نزیك دەوروبەری و خۆی پێوە ڕاگرت. . چەند ساتێك بەبێ ئاگا بەم حاڵەتەیەوە مایەوە، دواتر كەمێك هەستەكانی بزواو چاوەكانی كردەوە. . . بەڵام چی بینی؟

سەرشیوەکە دیمەنێکی دوای جەنگی هێنایە ڕوو، دەتووت ئەم شەو لەسەر بەرزاییەکانی کۆهپایە شەڕی هۆلاکۆ ڕوویداوە، پارچە گۆشت و ئێسك، قژەسەر و کەللەی سەر تێکەڵ بەخۆڵ بووە و سێ سەگ لەسەر لاشەی سوورەیا ڕاکشاون. . لەگەڵ خشپەی پێی سوورەیاو دەنگی هەناسە بڕکێدا، سەگەکان لمۆزی خوێناوییان بەرزکردەوە و هاتنە سەر قاچ. . . پیرە ژن خۆی گەیاندە خڕکە بەردێکی بن دەستی و ووزاقێکی وەبەر خۆی نا، هەستایە سەر پێو بەدەم ڕاکردنەوە بەرەو لای جەستەی سوورەیا ڕای‌کرد، . . تاهێزی تیابوو بەردەکەی هاویشت. . سەگەکان زووقەیان لێ هەستا. . دەنگی الله اکبری مەلای دێ و سەگ وەڕ بەدەم هەلهاتنیانەوە تێکەڵ بەیەك دەبوون. . . دنیا هێواش هێواش ڕۆشن دەبووەوە. . مەلای دێ بێدەنگ بوو. . سەگەکانیش لە چاو وونبوون. .

تــــــــــەواو

" هەرکاتێك – زینا– ی ژنێك بەئیعترافی خۆی سەلما، ئەوا ڕێو ڕەسمی بەردەباران بەم جۆرە لەبەرامبەریدا بەڕێوە دەبرێ: یەکەمجار دەبێ حاکمی شەرع بەرد بهاوێژێ و دواتریش ئەوانی تر. خۆ ئەگەر زینای ئەوژنە بەشەهادەتی شاهیدەکان سەلما، ئەوا یەکەم شاهید بەرد دەهاوێژێ و دواتر حاکمی شەرع وپاشان ئەوانی تر"

" پیاوان تانزیك کەمەرو ژنان تا نزیك سنگیان بەرلە بەردەبارانکردنیان، دەبێ لەچاڵێکدا بنێژرێن و ئەوجا بەردەباران بکرێن" بەردێك کەبۆ بەرداباران بەکاردێت نابێ گەورەییەکەی هێندە بێت کەلەیەکەم و دووەم پێکاندا، سزادراوەکە بکوژێ، هەروەها نابێ هێندەش بچووك بیت مانای قورسایی لەخۆ نەگرێ. . "

لەمادەکانی ژمارە ٩٨، ١٠٢، ١٠٤ یاسای سزای ئیسلامی لەئێران